بۆچی شکسپیر لە تراژیدیاوە ووی کردە کۆمەدیا؟.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

وەك چۆن شکسپیر لەتراژیدیادا نووسەرێکی شانۆیی کەم وێنە بووە، لەهەمان کاتیشدا لە نووسینی شانۆی کۆمەدیشدا باڵا دەست بووە و لە تەمەنی خۆیدا 17 شانۆگەری کۆمەدی نووسیووە، کۆمەدیای شکسپیری بە کۆمەدیای ڕەمانسیش ناودەبرێت،
لەسەردەمی ئەلیزابیسی دا کۆمیدیا مانایەکی جیاوازی هەبوو، زۆر جگەی بایەخ بووە، زۆر جاران شانۆگەرییەکان دەبوا بۆئەنجامێکی بەختەوەر کۆتایی بێت، شکسپیر ویستوێتی بە حەزی زۆر لە بینەرانی کردووە، کە ئارەزوویان ئەوە بووە تراژیدیاکانی شکسپیر بۆ کۆتایی مەرگساتانە نێت، کە دووچاری جۆرێك لە دڵگرانی و خەمۆکی دەکردن، بە لەناوچوونی کاراکتەرە ئەرێنی و ڕەمانسیەکانی و سەرکەوتنی خیانەت کاران و چاوچنۆك و تەماع کارانی دەسەڵات.
ئەگەرچی شسکپیر ویستوێتی درێ لەگەڵ واقیع دا نەکات و ڕووداوەکان وەك خۆی بەرجەستە بکات و لەگەڵ بینەرانی خۆیدا ڕاستگۆ بێت، بەڵام هەمیشە بینەر ویستوێتی ئەوەی لەواقیع دا دەیبینی لەشانۆ سینەمادا دووبارە نەبێتەوە، ئەوشتە ببینێ کە ئاواتی بە دەخوازێ و بەشکۆ لە خۆن و ئاواتەکانی.
بۆیە شکسپیر ویستی لەڕێگەی نووسینی شانۆی کۆمەدی ئاواتی بەشك لەو بینەرانە بێنێ، بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە هەموو بینەران لەبەچوون و دنیا بینی دا وەك یەك نین، وەك چۆن زۆرێك لەبینەران بەشانۆگەرییە تراژیدیەکانی کاریگەر دەبن، بەڵام بەشکی تر هەن ئارەزووی شانۆی کۆمەدی دەکەن .
لەلایەکی ترەوە شکسپیر بەم چەند شانۆگەرییە کۆمەدیە ویستوێتی بڵێ ئەو دەسەڵاتی لە بە سەر هەموو فەرمێکی شانۆیەدا دەشکێ و بەتەنیا تراژیدیا نەبەستراوەتەوە، بۆیە خۆی لەزەر شەوازی جیا جیای شانۆیی داوە، بەهەمان ئاستی شانۆگەرییە تراژیدیاکانی.
ئەم حاڵەتە هەور تەنهالە شانۆدا نەبووە، بەهەمان شێوە لەسینەماشدا، هەر تەنها شانۆگەرییە تراژیدیاکانی شکسپیر نەکراون بەفیلم بەڵکو زۆرێك لەشانۆگەرییە کۆمەدی و ڕەمانسیەکانیشی، لەسینەماشدا هەمان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە کە لەشانۆدا هەبووە.

گرنگترین شانۆگەریی کۆمەدیکانی شکسپیر بریتی بوون لە:
خۆنی نیوەشەوی هاوین، کارەکان بەکۆتاییەکانیانەوە، (وەك حەزی لەدەکەیت، سیمیلین، خەشوبستی هەوەکی بە هودەیە، هاوار بەهاوار، بازرگانی ڤینیسیا، هاوسەرە خەش بەزمەکانی وندرسون، ژاوەژاوەکی بە ئەنجام، بیرسیلیس، میر تیر، راهێنانی پلنگ، کۆمەدیای هەڵەکان، گەڕەوەکە، شەوی دوانزەهەم، دوو خزمە باشەکان، حیکایەتی زستان.
هەندە لەرەخنەگرانیش پێیان وابووە، ئەو شانۆگەریانەی بەکۆمەدیا ناونراون، لەرەسەندا شانۆگەری ڕەمانسین.
شکسپیر هەوڵی داوە لەرووی زمان و دیالۆگەوە، بەشەوازێکی کۆمەك شەفاف ترو سانا تر شانۆگەریەکانی داهێنێ و زمانێکی میللییانەیان بداتێ، کە بەشی زۆریان لەم خاڵانەدا گرد دەبوونەوە:

- لەو شانۆگەریەی کۆمەدیانە بەپلەی یەکەم پشتی بەدیمەن و ڕووداو بەستووە، کە لە ڕەگەی دروست کردنی هەندە دیمەن و جوولەی کۆمەدی بینەر بەنێتە پێکەنین .
- ململانێ ی گەنجە دەدارەکان کە زۆرجاران کۆشیان لەگەڵ گەورەکانییان دابوو .

*لەگەڵ جودا بوونەوەو پاشان گەڕانەوە بە باوەشی یەکتر، لەچوارچیوەی کۆمەڵە دیمەنی سەرێکرو تەنز ئامێزدا.

- تەکەبازی و ئەنجامەکانی، کە بینەر زۆرجاران بەهەی ئاشکرابوونی ئەو تەکەکە بازیانەو ریسوا بوونی کاراکتەرەکانی دەخەش بووەو کوتتە پێکەنین .

*کۆشەو گرفتەکانی ناو خەزان، کە هەندە جار بینەر لەگەڵ ئەو واقیعە تایبەتیانە پێکەنیووە، ڕەنگە زۆر جاران واقیعی خەی تێدا دەزیبێتەوەو ئەویش بووبێتە بەشێك لەڕووداوو کاراکتەرەکانی.
یەکێك لەدیارترین شانۆگەریی کۆمەدیەکانی شکسپیر (خەونێك لە نیوەشەوی هاوین دا) ی شکسپیرە، کە دەکەوێتە نێو چوارچیوەیەکی خەیاڵی،هاوکوف لەگەڵ واقیع داو ڕووداوەکانی لە(ئەسینا) ڕووددەن، لەو نمایشدا کاراکتەری (بەتەم) دەبێتە گوڕەرێژو ئاشقی تیتانیای شاژن دەبێت، بەیە هەندە جار نمایشکە بە ناوی(خەونی بەتەم) یش ناونراوە.
هەروا نمایشی (شەوی دوانزەهەم) شانۆگەریەکی کۆمەدی نەبووە کە هەر تەنها خەڵك بهەنێتە پێکەنین، بەڵکو لە بنچێدا شانۆگەریەکی تراژیدی بووە، بەڵام شکسپیر بەرگەکی خەیاڵی لەبەر کردووە، شانۆگەریەکی لەناو شانۆگەریەکی تر داشتووە

و دابەشی کردووە بە چەند بەشێك، لەهەر یەکەکیان خۆنەکی دیاری کردووە و هەموو خۆنەکانیشی بە یەك بەستۆتەوە.
بە زۆرێك لە رەخنەگران ئەو شێوازی نوان تراژیدیاو کۆمەدیایان لەشانۆگەریەکانی شکسپیر بەشێوازی (کۆمەدیای تراژیدی Tragicomedy) ناو ناوە.

فیلمی سەردەمی ون بوون

ساڵی 2015 دەرهێنەری ناسراو (ریتشاردبراسیول) فیلمێکی کۆمەدی دەربارەی ژیانی شکسپیر بەرهەم هێنا کە تێیدا سوودی لەچیرۆکێکی واقعی شکسپیر بینیووە.
دەرهێنەر ئەو سەردەمەی لەژیانی شکسپیر ناو ناوە (سەردەمی ون بوون) و تێیدا باس لەژیانی سادەی رۆژانەی شکسپیر دەکات بەر لەوەی ئەو ناوداریەتیە جیهانییەی هەبێ، لەوانە باسی ئەوە دەکات کە چۆن شکسپیر چەتە تیپێکی گەرانی رەك، بەناو دواتر لەتیپێکە دەریان کردووە، بەیە بەناچاری لەجلو بەرگێکی نەناسراودا، دەستی کردووە بەکاسبی تەماتە فرۆشی لەبازاڕەکانی لەندەن.
دەرهێنەر شکسپیری کردووە بەپیاوێکی بە کارو کاسبی، کە ئەو بە کاریەی زۆر جاران هەڕەشەی لەژیانی خەزانی کردووە، بەیە سەری خەی لەگوندەکەی خەیان(ستراتفەرد) هەڵگرتووە، بەو ئاواتەی بچێتە شارو دەست بکات بەکاری نووسینی شانۆگەری.
دەرهێنەر بە وێنگرتنی ئەم رووداوانەی ژیانی شکسپیر رووی کردۆتە شوێنی لەدایك بوونی شکسپیر، کە پێشتر بە ناوی (ولیەم) ناو نرابوو، بە ئەوەی لەوە شوێنوارەکانی ئەو نووسەرە بلیمەتە بەسەر کاتەوە.